

# *گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ عێراقیەکان یان هەوڵێك بۆ دەرچون لەئەزمە و بێئیرادەکردنی خەڵکی عێراق.*

**عبدالله مەحمود**

سەر ئەنجام دوای بێنەو بەردەیەکی چەند ڕۆژە 1ی ئەم مانگە"بە پێی ئیدعای ئەمریکاوئەنجومەنی حوکمی کاتی بڕیاری گێڕانەوەی"دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان(CPA) بۆ عێراقیەکان!!درا و غازی عجیل یاوەر وەکو سەروك کۆماری عیراق و ئەیاد عەلاوی وەکو سەرۆك وەزیران دیاری کران و وابریاریشە ئەم حکومەت و دەوڵەتە تازەیە لە یەکی حوزیرانەوە دەست بەکار بێت و ممارەسەی "ئیرادەی خەڵکی عێراق"بکات.

گومان لەوەدا نیە کە دەبێ عێراق لەو سەرگەردانیەی تێی کەوتووە کە هەلومەرجی بێدەولەتی و بێحکومەتیە، پێناسەی دەوڵەتی و حکومی بۆ بگێردریتەوە، وناسنامەی حقوقی و یاسایی بەبەرا بکرێتەوە، ئەمە یەکێکە لە مەسەلە میحوەریەکانی کۆمەڵگای عێراق، وە بۆ خەڵکی بێئیرادەکراو لە نائەمنی هەڵکێشراوی هەلومەرجی سیناریۆی ڕەشی عێراق بۆتە پێش مەرجی دەست راگەیشتن بە نان و ئەمنیەت و ئازادی.

بەڵام پێکهینانی ئەم حکومەتەی ئێستالە لایەن ئەمریکاوەو بەروپۆش و تەئیدی نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەلئەخزەر ئیبراهیمی،بە هیچ جۆرێك نەك پەیوەندی نیە بە پێکهینانەوەی دەوڵەت و حکومەتێك کە ببێتە وەڵامدەرەوەی خواستە زیندەبەچاڵکراوەکانی خەڵکی عێراق، بەڵکە هەوڵێکی ئاشکرای و ڕاگەیەنراوی لە پێشتری دەوڵەتی ئەمریکایە بۆ رزگار بوون لەو گێژاوەی بە داگیرکردنی عێراق ڕوبەڕوی بۆتەوە، هەوڵێکە بۆ ڕزگار بوون لەو نارەزایەتیە جەماوەریە فراوانەی لەسەراسەری دنیادا لەسەر ئاستی ڕەسمی(دەولی و حکومەتی) و لەسەر ئاستی رای گشتی(نارەزایەتی جەماوەری)ڕووبەڕووی بۆتەوە.

کەس ناتوانێ ئینکاری ئەو راستیە بکات کە ئەوەی پێی دەوترێت هێزی هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی ئەمریکا لە عێراقدا ڕوبەڕوی هەلومەرجێکی نەخوازراو بۆتەوە، ئەو حساباتەی تیۆریسۆنە سیاسی و عەسکەریەکانی پنتاگۆن و کۆشکی سپی کردبویان قابیلی کۆکردنەوە نی یە،ئاخر ئەوان وایان دانا بوو کە لەماوەیەکی کورتدا شەڕ ئەبەنەوە کۆتایی بەشەر دێت و پاشان حکومەتی دڵخوازی خۆیان"کە دیموکراسی و ئازادی پێ یە!! "دەکەنە دیاری بۆ خەڵکی عێراق و نمونەکەیشی دەکەنە ڕەمزی سەرکەوتنی نەزمی نوێ و نیشانی ئەو رەقیبە ئابوری و سیاسییانەی دەدەن کە کۆیخایەتی ئەمریکا بەسەر ئەو نەزمەدا قبوڵ ناکەن.

جەنگیان هەڵگیرساند ولەلایەن خەڵکی یەوە پێشوازی نەکران و سەرئەنجام جەنگ وێرای ئەوەی بووە هۆی لەخوین هەڵکێشانی خەڵکی عێراق و نابودکردن و بە کەلاوەکردنی کۆمەڵگا ڕژێمی صەدامیشی ڕووخاند، بەڵام نەك جەنگ کۆتایی نەهات، بەڵکە جەنگی دوای ڕوخانی بەعس درێژخایەن تر لەوەی بەعس، لایەنەکانی بەشداریش تیایدا زیاتر، شێوەی جەنگیش شێوازیکی تری بەخۆوە گرت. هاوکات نارەزایەتی جەماوەری بەڕووی داگیرکاری ئەمریکادا ڕۆژ بەرۆژ پەرەی گرت، ئەم نارەزایەتیە نەك تەنها خەڵکی عێراق، بەڵکو هەموو دنیای متەمەدینی گرتەوە، رەفتاری (هێزە رزگارکەرەکانی ئەمریکا)لە بەرامبەر خەڵکی مەدەنی و تەنانەت لە بەرامبەر زیندانیە کەلەپچەکراوەکانی ئەبووغریب ریسوایی دەوڵەتی ئەمریکاو ماهیەتی رەفتارو سیاسەتەکانی جارێکی تر بەدنیا ڕاگەیاند.

جگە لەوە پێك هێنانی ئەنجومەنی کاتی لە سەروی خەڵکەوەو بەپێ ی تەرکیبی نەتەوەچیتی و ئیسلام و تایفەگەریتی و پاشان تەئیدکردنی یاسایەکی کۆنەپەرستانە بۆ بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە،

بەرۆشنی پەیامی داگیرکاری و پەیامی رەشی نەزمی نویٚ ی جورج بۆشی نیشانی بەشەریەتی ئەم گۆی زەویە دایەوە، ئەو راستیە تاڵەی بە بیر دنیا هێنایەوە کە دەوڵەتی ئەمریکا(سەرباری هەر ئیدعایەکی بۆ ئەم سەردەمە) هەر ئەو سیستەمەیە کە دەوری ڕاستەوخۆی گیراوە لە پشتیوانی و هێنانە سەرکاری ڕژێمە دیکتاتۆریەکان، و هەمان تەجروبەکانی پێشوی دەستمایەیەتی کە دنیا شاهیدی بووە، وەکو پشتیوانی لە ژەنەراڵەکانی ئەمریکای لاتین، دەسەڵاتە خوێن ڕێژەکانی ئەفریقای جنوبی، تاوانبارە دەسەڵاتدارەکانی ئاسیای خواروی رۆژهەلات،دەسەلات بەدەستانی ئیسلامی ،کە هەموو ئەمانە بە پشتیوانی ئاشکرای مالی و عەسکەری ئەمریکا کراونەتە ملۆزمی سەردلی خەڵك؟ پینۆشەو مارکۆس و سۆهارتۆی دوێنی تا دەگات بە ئەریل شارۆنی ڕەمزی کوشتارو فاشیەتی ئەمرۆ هەر هەموویان شاگردانی دەست لە پشتدراوی ئەم سیستەمە بوون و هەن.

جیا لەوانەش هەراوهۆریای شەر لەدژی تیرۆر کە بە دوای 11ی سێپتەمبەرەوە وەکو کارتێکی تر بۆ ملهوری نواندن یان بۆ ئیدامەدان بە ملهوری بەدەستیەوە گرت نەك نەیتوانی تیرۆرو تیرۆریزم کۆتایی پیٚ بهێنیٚ، بەڵکە ئەبعادی تیرۆرو تیرۆریزمی فراوان کردەوەو بەکردەوە ژینگەیەکی تری تیرۆری زیادکردو عێراق کرایە ئەو ژینگەیە و دەیان بەچکە ئوسامە تیایدا چاویان کرایەوە، عیراقیش کرایە مەیدانی بەرامبەرکیٚ ی تیرۆرستی ئەم دەورەیە. لەم شەرە تیرۆرستیەدا بە جیا لەماڵوێرانی و کوشتاری خەڵکی بێتاوان و کوشتاری بەرەی ئیسلامی سیاسی، هێزەکانی ئەمرێکا ڕۆژانە ئەکرێنە نیشانەو ئەوەی کە ئەمریکا بریار بوو بەشەری سوك یان ئەوەی پیٚ ی دەڵێن شەری بیٚ چەوری، کە بە بۆمباران وچەکی هەوایی و دەریایی و ساروخە دوور هاوێژەکان کۆتایی بە جەنگ بهێنێت، گۆرا بە شەری چەورو ئێستا لەدوای ڕوخانی بەعسەوە قوربانیانی شەڕ لە عێراقدا وەجبە وەجبە ڕەوانەی ئەمریکا ئەکرێنەوە، کەئەمەش دیسان نارەزایەتیەکی بێوێنەی لە ناوخۆی ئەمریکادا بەدوای خۆیدا هێناوە، هەرکام لەوناکامیانەیە ئەمریکای ناچار کردووە کە هەرماوە جارێك بە حسابی رزگار بوون لەو ئەزمە و گرفتانەی ڕوبەڕوی بۆتەوە دەست ببات بۆ ئیقداماتی جۆراو جۆرو تا لەو ڕێگایەوە نارەزایەتی فراوانی جەماوەری چ لەسەر ئاستی دنیاو چ لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا خامۆش بکاتەوە و زەمینەو ڕەوتی ڕوولە لێژی بردنەوەی هەڵبژاردنی داهاتوش بباتە سەرەوە.

پێکهێنانی حکومەتێك و رەسمیەت پێدانی بەدوور لە ئیرادەودەنگی نوێنەرانی خەڵك و ئەحزاب و رێکخراوەی جەماوەری بەرەی متەمەدینی کۆمەڵگا، و سپاردنی بە دەنگ و رەئی قارەمانانی ئەنجومەنی حوکم ئەو ئەنجومەنەی بیلیاقەتی و بودەڵەیەکەی تا ئەو رادەیە بوو کە نەك نەیتوانی وەڵامی هیچ گرفتێکی خەڵکی عێراق بداتەوە، بەڵکە خۆی بوو بە ئالاهەڵگری دابەش کاری خەڵکی عێراق لە سەر بنەمایی قەومی و دینی و تایفی....،هەر ئەمەش نیشانی ئەدات کە ئەم حکومەتەش حکومەتێکی پۆشاڵی ناو دڵی ئەزمەیەکی سەراپاگیری ئەمریکی یە لە عێراقداو فایرۆسی مردنەکەی لەگەڵ لەدایك بوونەکەیدایەتی.

شێوازی پێکهینانی ئەم حکومەتۆکەیەو میکانیزمەکانی شێوازی بەعس بە بیر خەڵکی عێراق و دنیا دێنێتەوە، کە لە سەرەوەو بەدوور لە چاوی خەڵك و رەئی ئەوان حکومەتیان سازئەداو پەرلەمانیان دائەمەزراندو ئاڵوگۆریان لەدەیان پۆستدا ئەکرد بێئەوەی کەس ئاگادار بێت، پاشانیش بە شان و باڵی ئەم هەنگاوانەیاندا هەڵئەداو وەکو دەسکەوت بۆ خەڵکیان بە حسابیان دەهێنا. ئەمەیە دیموکراسی!! و ئەوەیە ئەو هەراو هۆریایەی کە دەڵێن عیراق دەکرێتە سەرەتای جێخستنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەو دیموکراتیزەکردنی ناوچەکەو سەرەتای ئاڵوگۆڕ!.

بەڵام بە جیا لەوانەش پێکهێنانی ئەم حکومەتە کە ژۆرنالیزمی مۆڵەتپێدراو بەکرێگیراو دەیانەویٚ بەرگی گێرانەوەی دەسەڵات بۆ عێراقیەکانی بە باڵابرن، جگە لەوەی پرۆژەیەکی ئەمریکی یە هاوکات وێستگەیەکی تری تاوانە لەدژی خەڵکی عێراق .

**هەموو ئەو دەزگا راگەیاندنانەی شەرعیەتی کوشتاری خەڵکی عێراق و فریودانی ڕای گشتی دنیایان، بەئەندازەی کاریگەری بۆمب و باروتی مەرگ چێن تەخشان و پەخشان ئەکرد، نەیان توانی تاسەر مل بەشکستی کوشتارو ملهوری نەدەن، سەرئەنجام راستییە بەڵگە نەویستەکان بە بۆمبارانی ڕاگەیاندن وهونەری گێژکردن، نەشێوێنران.**

**ئەو راستیانەی کە دنیا رایگەیاند، دیموکراسی بە بۆمب و کوشتار وەدی نایەت، ئەوراستیەی کە ووتی دیکتاتۆرەکان لە منداڵدانی ئەم نەزم و نیزامەدا چاویان کراوەتەوە و پشتیان ئەستورو قایم کراوە، ئەو راستیەی ووتی دووروویی ئەم نەزمە بەڵگەی ناوێت و ووتی ئەمە شارۆن، ئەمە نیزامە چنگ بە خوینەکانی ئەمریکای لاتین، ئەمە ئوسامەی دۆستی دوێنێتان، ئێستاش دەڵێن ئەمەش بەعسیەکان وئەمەش ئەیاد عەلاوی کۆنەبەعسی رەئیسی حکومەتی تازەی دوای صدام حسین و ئەمەش غازی یاوەری قارەمانی عەشیرەتی شەمەری دوێنی وئەمرۆ وهاوکات سەروکی وولاتی ئەمرۆش.**

**بەڵێ ئەمە وێستگەیەکی تری نیشاندانی تاوانکاری ئەمریکایە بەرامبەر بەخەڵکی عێراق، کە پێش مەرج و زەمینە سازیەکەی سەرەتا بە پرۆسەیەکی وێرانسازی کوشتاری 13ساڵە و، بەچەکی کۆکوژی ئابلۆقەی ئابوری و دانانی ناوچەکانی ئارام !!و لەکۆمەڵگا خستنی بەشی زۆری عیراق و پاشانیش بەبۆردومانی هەموو رۆژەو نابودکردنی ژێر بینای ئابوری و دامەزراوە مەدەنی و خزمەتگوزاریەکان و سەرئەنجامیش دوای گوێنەدان و بەڕەسمی نەناسینی ئیرادەی ملیونان ئینسان کە دژی جەنگ خوازی و ملهوری عەسکەری و میلتاریزەکردنی دنیاو دیکتاتۆریەت بوون، وە بە ژێر پێخستنی ئیرادەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، شەیپوری جەنگی پاوانخوازی دنیای ئەم سەردەمەی ڕاگەیاند، تا لە رێگایەوە نەزمی بەئاکام نەگەیشتووی نوێ ی دنیا بە شوێنێك بگەیەنی و باڵادەستی ئابوری و سیاسی لە رێگای ملهوری سەربازیەوە بە سەر رەقیبە ئابوری و سیاسییەکانی دوای شکستی بلۆکی شەرقدا بسەپێنی و دنیای نوێ لەبەردەم لوتف و مەرحەمەتی خۆیدا سازبدات و گوێ لە مستیان بکات. هەر لەو چوارچێوەیەدا عێراقی وێرانکراو خەڵکی بێئیرادەو نیوەمردووکراوی دەستی ڕژێمی بەعسی درندەو سیاسەتە دژی ئینسانیەکانی خۆی کردە نیشانەو جەنگی وەرێخست، جەنگێك کە وێرای لەخوێن هەڵکێشانی خەڵکی عێراق و نابودکردن و بە کەلاوەکردنی کۆمەڵگا ڕژێمی بەعسیشی لوش دا، بەڵام وەکو مێژووی ڕابردوی لە دنیادا زەمینەی و ژینگەی بۆ چاوکرانەوەی دەیان بەچکە بەعس و دەیان بەچکە ئوسامەی خوڵقاند، ژینگەی تیرۆری بەرین کردەوە و بەکردەوەش عێراقی کرد بە مەیدانی بەرامبەرکێ ی تیرۆریزم و تەسفیەی حساباتی بێکۆتایی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی خۆی و تیرۆریزمی ئیسلامی ئەم دەورەیە کە وەکو مۆتەکە رۆژانە بە سەدان و هەزاران ئینسان ئەکاتە خۆراکی ئەو نەزمە بە ناو نوێیەی ئەمریکا ئەیەوێ پۆلیس و کوێخای بێت.**

**ئێستا دوای نزیك بەساڵ و نیوێك بەسەر ئەم جەنگەداوداگیرکاری و کوشتاری رۆژانەی خەڵك و دەست لە پشدانی کۆنەپەرستی ئیسلامی و قەومی و تایفی و ئەنجومەنی حوکم دروستکردن لێیان، پشتیوانیکردن لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو بەرەسمی ناسینی دین و قەومی گەرایی وەکو سەرچاوەی سەرەکی یاساکە، دوای ئەوەی نائەمنی و بەیەکدادانی تیرۆرستی کرایە سیمیایەکی قێزوەن بەبەر کۆمەڵگاداو دوای ئەوەی ئەوە کەناوی نرا ئەنجومەنی حوکم لە کارتۆنێکی بۆش زیاتری هیچی لە دەست نەهات و بووە سەنگەریکی پوشاڵی لەبەرامبەر هەلومەرجی نائەمنی و بێیاسایی و بێکاری و بووە مەیدانی نمایشی کێشمەکێشی قەومی و دینی و تایفی و ........کۆمەڵگا نوقمی سیناریۆیەکی ڕەشکرا، وا ئێستاش دەستی برد بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی قەومی و دینی و عەشیرەتی و یاساودەستوری ئەم حکومەتەشی لەسەر هەمان بنەمای قەومی و دینی و عەشیرەتی و بە پیی هەمان میکانیزمی بەعس و لەسەروی خەڵکەوە لە 8ی مارسدا!!بریار لێدا.**

**ئەم دەوڵەت و حکومەتە کۆنەپەرستە، ناتوانی لەسەرقاچەکانی بوەستیت.**

پێکهێنانی دەوڵەت و حکومەت، لەسەر بنەمای قەومی و دینی و تایفی و بەتەرکیبی تەوافقی و بەپێ ی پێوانەی ڕێژەی دانیشتوانی هەریەك لە قەوم"عەرەب وکورد و تورکمان ..." و ئینتمای دینی"سونەو شیعە" و جێگاو ڕێگای تایفەو عەشیرەت،بەر لەهەموو شت نیشانەی دژایەتی ئەم حکومەت و دەوڵەتەیە لەگەڵ ئەودیموکراسیەی لەژێر عەبای قەوم و دین و عەشیرەتدا بۆ شێواندنی ڕای گشتی وەعدەی دەدەن، هاوکات یانی داماڵینی حەقی هاوڵاتی بوون و لە جێگایدا درونی بەرگی قەوگەرایی و دینی و عەشیرەتی بەسەر ئەو ئینسانانەی بە جیا لەعەرەب بوون وکوردبوون و ئینتمای دینیان مێژوویەکی درێژە بە یەکەوە ئەژین.

تەنانەت ڕژێمی بەعس لە هەموو ماوەی تەمەنیدا هەوڵیدا بە بە بەرگی عروبەوە،ململانیی خۆی لەگەڵ ناسیونالیزمی کوردا شۆربکاتەوە بۆ بەیەکدادانی قەومی نێوان خەڵکی عەرەب زمان وکوردزمان، ئەم خەونەی نەهاتەدی و لەهەمووی مێژووی عێرقدا سەرباری بەردەوامی ململانێ ی نێوان ناسیونالیزمی دەسەڵاتداری بەعس و ناسیونالیزمی کورد لەسەر دەسەڵات و باوەشێن کردنی ئیحساساتی قەومی لە لایەن هەردوولاوە نەبینرا گەرەکێکی عەرەبنشین هەڵبکوتنە سەر گەرەکێکی کوردنشین یان بە پێچەوانەوە، ئەوا ئەمجارە حکومەت و دەوڵەتی تازە بە ناسنامەی قەومی ودینی و تایفیەوە دەیەوێ ئەمە لە نێو دانیشتوانی عێراقدا شەعی بکات و "شەهامەت" بۆ پچرینی بەشی زیاتر لە دەسەڵاتدا بەرەسمی شۆربکەنەوە بۆ ناوخەڵکی عێراق و زەمینەی بەیەکدادانی قەومی ودینی و عەشیرەتی شەرعی بکەن.

لەچاوی هەر ئینسانێکی پێشکەوتنخوازەوە ئەم دەوڵەت و حکومەتە، نەك تەنها دەوڵەت و حکومەتی خەڵك نی یە،بەڵکو هی قەوم گەراو ئیسلامی و عەشیرەت پەرستەکانە، کە هیچ تەبایەکیان لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندی دانیشتوانی خەڵکی عێراقدا نیە، و دژی هەموو خواست و ویستێکی ئەم خەڵکەن بە کوردو عەرەب و تورکمان و موسلمان و مولحید....تاد. ئەوە جگە لەوەی حکومەتی ناودڵی ئەزمەیەکی سەراپاگیری ئەمریکاو ئەو بۆرژوازی یە ڕەنگاو ڕەنگە عیراقیەشە، کە بەکردەوە لەوەڵامدانەوە بە بۆشایی دەسەڵات و دەوڵەتدا و بەوپێیەش لەوەڵامدانەوە بە نائەمنی و بێ یاسایی و نۆرماڵکردنەوەی ژیانی ئاسایدا، بەهەزار زمان و پێشتر بنبەستەکەیان ڕاگەیاندووە.وابریار بوو زوو کۆتایی بە نائەمنی بێت، نائەمنی نەك تەواو نەبوو وەکەم نەبۆوە، بەڵکو نائەمنی بووە سیمایەکی قیزەون و زاڵی کۆمەڵگا، کاری ئیرهابی و تیرۆرستی نەك ڕەوتی ڕوولەخواری نەگرتە بەر،بەڵکە عێراق بووە ئەفغانستانی لانکی تیرۆرزمی ئەم دەورەیە. دیموکراسی یەك کە بەر لەجەنگ و تا ئێستاش ئێدعای بۆ دەکرێت، نەك نەبوو بەمیوانی کەس، بەڵکو هەموو دەروازەکانی دیموکراسی بە پاسەوانانی نەتەوەچیتی و ئیسلام و عەشیرەتگەری تەنرا. باسی مافە فەردی و مەدەنیەکان، بە تەلبەندی ڕێزگرتن لەمقەدەساتی دینی و نیشتمانی و پیرۆزی تایفەچێتی لە یاسای بەرێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەدا،لەقالبدرا. باسی مەسەلەی ژنان و بێمافیەکانیان، حەواڵەی ڕەوشتی ئەفسانە ئامێزی فاتمە زەهراکان کرا. بەمەبەستی بەرگرتن بەدیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بەدەستی خۆیان، بەرەسمی ناسینی ریفراندۆم لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا،جی ی نەبۆوەو بەرگی یاساغی کرابەبرا. لە جێگای نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان،نوێنەری ناسیونالیزمی کورد کرایە شەریکە بەشی دەسەڵاتی ناوەندی و ئەمجارە ناسیونالیزمی کورد بە بەرگی شەرعی دەوڵەت و حکومەتەوە لە بەرامبەر بە خواستەکانی خەڵکی کوردستاندا ئەوەستێ.

باسی ئازادی سیاسی و بەیان و بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی و ڕاگەیاندن...نابێ تەلبەندی پاراستنی مقەدەساتی دینی و قەومی و تایفی و ببەزێنێ!!. یاسای ئەحوال شەخسی و سزادانیش بەرێزگرتن لەو مقەدەساتانە دەردەکێشرێن. سیستەمی پەروەردە،بەپێی سیستەمی پێکهاتوی قەومی ودینی و تایفی دائەڕێژرێت و سیستەمی پەروەردەی مۆدیرن و سەردەم، ڕەوانەی باڵەخانەی کەسافەتی دەمارگیری قەومگەرایی و نەژادپەرستی و ئیسلامی دەکرێت. مێژووی ڕەسمی دەوڵەت ئەمجارە هەرقارەمانانی عروبە نین،بەڵکو قارەمانانی هەموو قەومیەتەکان و ڕەوتە

مەزهەبیەکان و تایفەوعەشیرەتەکانیش لەخۆئەگرێت تا شاردنەوەی مێژووی واقعی کە کێشمەکیشی بێبەشانە لەگەڵ زۆرداران،دابپۆشێ. ئەدەب و هونەر و کەلەپوری قەومی ودینی و عەشیرەتی رەنگاوڕەنگ، دەکرێتە نیشاندانی رەنگالّەیی عێراقی نوێ"عێراقی هیواو ئاشتی"!.

خۆ ئەگەر لەهەموو ئەوانەش بگوزەرێین،ئەم پێکهاتە قەومی ودینی و عەشایەریە کە ناوی نراوە حکومەت، و پسولّەی بەیەکدادانی دانیشتوانی زمانی جیاوازو دینی جیاوازی و عەشیرەتی جیاواز دراوە لە بەرۆکی، وەکو حکومەتێکی کۆنەپەرستیش ناتوانێ لەسەر قاچەکانی بوەستێت، ئاخر حکومەتێك ناوەندی بەزۆر بەیەکەوەنراوی دەستی داگیرکاری بێت، ناوەندی کۆوەبوونی تەوافقئامێزی قەومگەراکانی عەرەب و کوردو تورکمان وشیعەی سیاسی و ئیسلامی سیاسی بێت،هەرلایەکیشیان بە چەندین سەرەوە بەسترابنەوە بە وولاّتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو گرەوی خۆشخزمەتی لەگەڵ یەکتری بکەن، هەریەکەیان بە شێوازێك دەستیان لەناودەستی تیرۆریزمی ئیسلامی و پاشماوەکانی بەعس بێت چۆن دەتوانێ لەسەر قاچەکانی بوەستێت.

هەر بەو دەلیلە زۆرسادانەی سەرەوە ئەم حکومەت و دەولّەتە عەشایەر قەومی و دینی یەی ڕاگەیەنراوە، نەك هیچ شەرعیەتێکی لەلایەن خەلّکی عێراقەوە نییە، بەلّکو هەولّێکی مایەپوچی ئەمریکاو ئەم کۆکتێلە لە بالّەڕەنگاوڕەنگەکانی بزوتنەوە کۆنەپەرستەکانی بورژوا_–عەشایریە، لە بەرامبەر خواست و مافە خنکێنراوەکانی زوربەی خەلّکی عێراقدا، وەکو ئەمنیەت،ئازادی، نان،مەدەنیەت، و کۆتاییهێنان بەداگیرکاری... هەر بەو هۆیەشەوە سەرباری ئیفلیجیەکەی دەبێ ریسوا بکرێت و بخرێتە ئەرشیفی شەرماوەری پنتاگۆن و کۆشکی سپی و مێژووی داماو.

***خەلّکی عێراق بۆ پێکهێنانەوەی دەولّەت و حکومەت ئەبێ چی بکەن؟***

جەنگ و داگیرکاری ئەمریکا لە عێراقدا وێرای کوشتارو ویرانکردن،وێرای داروخاندنی ژێربینای ئابوری کۆمەلّگا، و لەبەین بردنی هەرچی دامەزراوەی مەدەنی و خزمەتگوزاری، و زالّکردنی ڕەوتی پاشەوپاش گێرانەوەی کۆمەلّگا، بوارکردنەوە بۆ سەر لە گۆر دەرهێنانەوەی کۆنەپەرستی قەومی ودینی و تایفی، کردنی جغرافیای سیاسی عێراق بە مەیدانی رمبازێنی تیرۆرستی، دەسەلاّتی ڕژێمی بەعسی دڕندەی دەست پەروردەکراو و بەهێزکراوی ئەمریکاو غەربیشی لەگەڵ خۆیدا ڕامالّی.بەلاّم هەروەکو بەر لە جەنگ بەرەی رادیکال و متەمەدینی دنیا پێشبینیان کردو ڕایان گەیاند، ئەم جەنگە بۆ ئازادی و دیموکراسی نیە، بۆ ڕزگاری خەلّکی عێراق نییە، بۆ لەبەینبردنی چەکی کۆکوژ نیە، بۆ دلّسۆزی لە کیمیایی هەلّکێشراوان و لەخوێنگەوزاوان و تەرمی بەکۆمەلّی گۆرستانە بێشومارەکان نیە، بۆ شەری ئیسلامی سیاسی نیە، بۆ هێنانی تەمەدونی غەربی نییە، بۆ هەلّکێشانی ئاهی ئۆخەی نیە، و هەرەشەی قوتکرنەوەی فاشیزمی قەومی و دینی و تایفی یان لە جیگای فاشیزمی قەومی وەکو ئەوەی نزیك بە ساڵ و نێویکە لە عیراقدا روودەدات تەصەورکرد، هەربۆیەش دژی جەنگ بوون و بۆ ڕوخاندنی بەعس خوازیاری شۆرشی لە خوارەوەی خەلّکی وەتەنگ هاتووبوون بە پشتیوانی بزوتنەوەی ئا زادیخوازانی دنیا، ئاخر ئەم بەرەی متەمەدین و ئینسانیە، دەیانویست ڕێگە نەدەن دوای نزیك بە چوار دەهە مەحرومیەت و بێماڤ و سەرکوتی خوێناوی بەعس جێگا بدات بە چەند دەهەی تر لە دەسەلاّت و حوکمی بە بۆمب و چەکی کۆکوژ هێنراوی ئەمریکاوپاشانیش دەسەلاّت سپاردنەوە بە کۆنەبەعسیەکان و ئیسلامی سیاسی و قارەمانی عەشیرەت بازی.

نزیك بە ساڵ و نێوێکە ئەوەی پێ ی ئەوترێت دەولّەت و حکومەت نەماوە، رەوتی ڕووداوەکانیش هەلّگری کوشتارو مەرگچاندنی گەورەترن، هەلّگری شەری قەومی ودینی و تایفین. بێگومان دەبێ بەر بگێری بەدرێژەکێشانی مەرگە ساتەکانی خەلّکی عێراق و دەبێ هەرچی زووە کۆتایی پێبێت، گومانیش لەوەدانی یە بەبێ پێکهێنانی دەولّەت و حکومەتێکی مەدەنی ئەمە ممکین نابێت.

خەڵكی عێراق دەبیٚ بۆ پێكهێنانی حكومەت و دەوڵەتێكی سكولار هەرچی زووە پیٚ بنێنە مەیدان، بۆ ئەم كارەش بەر لە هەموو شتێك دەبیٚ خەباتی خویان بۆ كردنەدەرەوەی هێزەداگیركەرەكان لە عێراق و جێگرتنەوەی بە هێزی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی( كە بەبی بەشداری ئەم وڵاتانە بێت كە بەشداری داگیركاری عێراق بوون) بەسەر مەرجەعە نێودەولەتیەكاندا بسەپێنن، ئەو مەرجەعانەی خاوەنی تەعەهوداتی نیودەوڵەتین. وە بەوەرێخستنی نارەزایەتی جەماوەری میلیشیای لایەن و ئەحزابی چەكدار بكرێنە دەرەوەی شارو شارۆچكەكان و دوور بخرێنەوە لە شوێنی كارو ژیانی خەڵكی و پاشان لە لایەن هێزی نێودەولەتیەوە لە چەك دابماڵرێن،وەهاوكات هەلومەرجێكی ئازاد بۆ هەڵسورانی ئازادانەی ئەحزاب و لایەنە سیاسیەكان و رێكخراوەی جەماوەری و پیشەیی پێكبهێنرێت، تا خەڵكی ئازادانەو دوور لە زۆری هێزو چەك حزب و لایەنی سیاسی و رێكخراوەی جەماوەری دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن و ئەحزاب و لایەنەكانیش لە هەلومەرجێكی ئازاد وئارامدا هەڵسوران بكەن و خەڵكی بەبەرنامەو سیاسەتی خۆیان ئاشنا بكەن و لەداهاتی وولات ئیمكانیاتی راگەیاندن بۆ هەمووان فەراهەم بكرێت ، وە نوێنەرانی ئەم حزب و رێكخراوە جەماوەریانە پرۆژەی دەستورێك بۆ دەوڵەتی ئاینده ئامادەبكەن ولەرێگای دەزگا راگەیەندنەكانەوە بیخەنە بەردەم جەماوەری خەڵكی عێراق و ڕای خەڵكی تا لە ریفراندۆمێكی ئازادانەدا بریاری لێبدەن. و زەمینە سازبكرێت بۆ هەڵبژاردنێكی سەراسەری و پێكهێنانی حكومەتێكی متمانە پێدراوی خەڵكی. تا ئەوكاتەش كە ئەم حكومەتە هەڵبژێردراوە پێكدێت ئیدارەی بەرێوەبردنی عێراق بسپێردرێت بە حكومەتێكی كاتی كەلە كۆنگرەی نوێنەرانی حیزب و رێكخراوە جەماوەرییەكان پێكبێت و بە هاوكاری هێزە نێودەوڵەتیەكان،هاوكات هەموو هەنگاو كارو بڕیارێكی، بەهەموو مناقەشەكانەوە بە بەرچاوی خەڵكەوە بێت.

ئەمە ئەو رێگایەیە كە سەر ئەنجام دەتوانی ببێتە سەكۆ و پرۆسەی پێكهێنانەوەی دەوڵەت و حكومەتێكی نۆرماڵ و خاوەنئیرادە.هەر ئەمەش ئەو ڕێگایەیە كە دەتوانیٚ كۆمەڵگای عێراق لە سیناریۆی ڕەشی دەستی هێزی ڕەش و نائەمنی وبیٚ یاسایی، ڕزگار بكات.

تائەو جیگایەش بەكوردستان دەگەریتەوە،خەڵكی كوردستان كە لەهەلومەجێكی تایبەت بەهرەندن، نابیٚ ئەم خەڵكە بەدیار یەكلاكردنەوەی داهاتووی عیراقەوە لە چاوەروانیدا رابگیرێن، رێگا چارە بۆدیاری كردنی چارەنووسی كوردستان ئەبیٚ بسپێردرێت بە خۆیان تا لە ریفراندۆمێكی ئازادانەدا دانیشتوانی كوردستان دەنگ بدەن بە"مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، یان جیابونەوەو پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ" خەڵكی كوردستان دەنگی بەهەركامیاندا، ئەمە رەسمیەتی پێبدرێت.

6-4

abdulla_m64@hotmail.com